www.kurdistannet.org
7-11-2005 19:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لەمیانەی گەشتەکەی دا بارزانی ئەمجارەش کوردی بەدنیا ناساندەوە... ئامانج عەبدولا سوور

من کیم بەخوێن وشاخ خەبات وبەرخودان بمناسنەوەئەگەر جاران ناونیشانی شیعروررومانی بەرگری نەتەوەیەکی ستەم دیدە بوبێت ئەوا ئەمرۆ زمانی دیالۆگ ودیبلۆماسیەت هەموودنیای هێنایە ژێرئەوبارەی کەرادەی ژیری نەتەوەیەك هیوای ئایندەی دیاری ئەکات. . .

جێنۆسایدوئەنفال وگۆری بەکۆمەڵ وکیمیاباران بونە ناسنامەی نەتەوەیەکی پارچەکراولی ئەم جارە لەدۆخی ئازادی وبەرقەراری دیفاکتۆدا دوای پانزە ساڵ لەراماڵینی داگیرکەردا کورد لەهەولی شوناسی نەتەوەیی دا لەهەولیبەردەوام دابووە، بارزانی مستەفای باوك وەك سیمبولی نەتەوە ناوی چوە ریزی گاندی وماوولێنین و. . . . هتد بەلام مەسعود بارزانی بوە سیمبولی دیموکراسیەت وداکۆکی کار لەمافی نەتەوەیی وفەرزکاری یەکەمی زمان وکەلتوری کوردی لەجیهاندا ئەو هەمیشە دەبی لەسەروو حزبەوە تەماشابکری وقسەوباسی لێوەبکری گوفتاروهەڵسوکەوتی ئەو دەیان شرۆڤە هەڵ ئەگری، بونەتە پیاوی سەدەوگۆرانکارییەکان وەك خاتەمی ئەڵێت ئەوپیاوەیە کەبۆ ئارامی ناوچەکە پێویستە، سەرۆکێکە کەهاوکێشەکانی گۆریوە داگیرکەرانی هێنایە ژێر ئەوبارەی ناڵەیان بێت بەدەستیەوە رۆژانە تورکیای کەمالی نەرەزایی ونیگەرانی لەم دۆزە دەرئەبری هیوای دەولەتیکردۆتە گرتکی سەردلیان، دانایی کردە ئاراستەیەك بۆ دۆزی سیاسی کوردی لەدیدگاکانی دا ئەبێت رەهەند بدۆزیتەوە ئنجا لی تی دەگەی، دوائەنجام لەم گەشتە سەرکەوتووەی دا وولاتی بالا دەست وسەنترالی ئەمریکا پێشوازی کرد جۆرج بۆش بەپیاوی داناوجەنابی سەرۆك وەسفی کرد، تۆنی بلێر چاوەروانی پێشنیازە ستراتیژیەکانی بوو بۆ ناوچەکە ئنجا مێرکڵ دانی نا بەخۆراگری ئەم سەرۆکەدا، ئەم سەرۆکە پابەندە بەکلتور وزمانی نەتەوەکەیەوە بەسمبولی شۆرشگێریەوە چووە ناو نێوەندی جیهانی بارزانی ئەمرۆ لەسەرو پارتیەوە دەبێنم بۆیە دەبێت لەبەردەم هەرهەلوێستێکی نەتەوەیی دا خوێندنەوەیەکی دروست وئەکتیڤمان هەبێت تا بەرچاوروون بین بۆ هاودەنگی ئەم سەرۆکە دلۆڤان و نەتەوەیە، هەروەك دەبێت پارتی ویەکێتیش هەوڵ بدات ئەو رێرەوە وون نەکەن واز لەگرتنی نوسەران بێنن، بارزانی سەرۆکێکی دلۆڤان ودیموکراسیخوازە دەبێت هەموو حزبەکان ودەسەلاتی کوردیش رێرەوەکەی وون نەکەن. . .

سلێمانی
2005/11/8